

# یانەی خانزاد

## قوتابخانەیەک بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی شەترەنج

تیپی وەرزشـــیی شـــەترەنجی یانەی خانزاد یەکێکە لەو یانانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە شـــاری هەولێر لە خزمەتکردنی ئەم یارییە و پێگەیاندنی ســـەدان یاریزان بۆ شـــارەکە جێی پەنجەیان دیارە، ئەمساڵیش جیا لە ساڵان یانەکە سەرەڕای نەبوونی توانای دارایی باش و کەمیی بودجە، لە ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکان و بەشـــداریکردنیان بەردەوام بووە. یانەی خانزاد چەندین تیپی جۆراوجۆری هەیە لە ئاســـتە جیاوازەکان لە کوڕان و کچان و بە هێنانی ڕاهێنەرانی بیانی بۆ یانەکەش ئاســـتی یانەکە زیاتر بەرز بۆتەوە و لە پاڵەوانێتیەکان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و عەرەبیش کێبڕکێی باشتر دەکەن. ئێمەش لە نزیکەوە ئەم ڕاپۆرتەمان بۆ گۆڤاری گوڵان ئەنجامدا، یاریزانان و سەرۆکی یانەکەش بۆ گۆڤاری گوڵان بەمشێوەیە قسەیان کرد.



شەنگە مەسعود کچە یاریزانی پاڵەوانی پاڵەوانێتییەکانی یانەی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا ئاستی یاریی شەترەنج زۆر بەرز بۆتەوە و یارییەکە لە پێشووتر ئاستی باشترە. ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی بەردەوام بۆ یاریزانان لە ناوخۆ و دەرەوە، ئەوەش هۆکار بووە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی یارییەکە. ئێمە وەکو یاریزانانی کچیش ئەگەر بمانەوێ ئاستمان زیاتر بەرەو پێش بچێت، دەبێت خانەوادەکانمان زیاتر پشتگیرمان بکەن. ئەوەش لای هەمووومان ئاشکرایە کەوا یانەی وەرزشیی خانزاد هاوکارێکی باشی یاریزانانە لە گشت روویەکەوە، بەتایبەتی لەدابینکردنی راهێنەر بۆ یانەکەمان، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە گرنگی بە یاریزانان دەدەن».

دیدار محەمەد یاریزانی هەمان یانەیە و ئەویش بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە شاری هەولێر بەم دواییە ئاستی یاریی شەترەنج بەرەو پێشکەوتنی باش رۆیشتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەستەی کارگێڕیی یانەی خانزاد هەوڵی پێشخستنی یارییەکە و ئاستی یاریزانانی یانەکەیان داوە، تا لە ئاستێکی باشتر بن. هەر بۆیە راهێنەرێکی بە رەگەز جۆرجییان هێناوەتە یانەکە، ئەویش رۆڵێکی باشی لەگەڵ راهێنەرە کوردەکان بینیوە و هەموویان خزمەت بە وەرزشی شەترەنج لە شاری هەولێر دەکەن. خانەوادەی یاریزانەکانیش هاندەری ئەم یارییەن و ئەوەش رۆڵی زۆری هەیە».

لەلای خۆیەوە دلزار حمە سالح سەرۆکی یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی یاریی شەترەنج لە رووی هونەرییەوە لە یانەی خانزاد پێشکەوتنی باشی بە خۆیەوە بینیوە، نموونەش لەسەر ئەم پێشکەوتنە پێش دوو ساڵ تەنیا یەک دوو تیپ لە یانەی خانزاد هەبوو، بەڵام ئێستا یازدە تیپمان هەیە لە یانەکە لە تیپەکانی پێشکەوتووان و لاوان و تازە پێگەیشتووان و بەچکە شێران و تیپی دێرینەکان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان لە هەموو ئاست و تەمەنێك لە کوڕان و کچان یاریزانانمان هەیە و لە تەمەنی ٤ساڵییەوە دەست پێدەکات. جگە لەوەش راهێنەری جۆراوجۆرمان هەیە وەك جۆرج خومریکی کە راهێنەرێکی نێودەوڵەتی جۆرجییە و تایبەتە بە ئاستی تازە پێگەیشتووان و لاوان، راهێنەری نێودەوڵەتی ساتیع حوسەری کە لە وڵاتی هەنگاریا دێت بۆ ئەنجامدانی راهێنان بە یاریزانان و هەروەها بە هاوکاری راهێنەری نێودەوڵەتی تارلیف کونستانتینی ئۆکرانی، بەرنامەیەکی راهێنانی تایبەت بە شەترەنجمان بۆ یانەکە هێناوە کە قوتابخانەیەکی رووسییە کە تواناکانی یاریزانان زۆر پێش دەخات. دەتوانین بڵێین یانەی خانزاد رۆڵی قوتابخانەیەکی شەترەنج دەبینێت و ژمارەیەك خولی جۆراوجۆریشمان لە قوتابخانە و زانکۆکان ئەنجامداوە. جگە لەوەش پەرتووك و سەرچاوەی گرنگی شەترەنجمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە حەفت پەرتووك دەبێت و هەریەکەو بە تیراژەی ١٥٠٠ دانەمان لێ چاپ کردووە».

دلزار کێشەکانی یانەکەیانی زیاتر بۆ «کێشەی دارایی» گەڕاندەوە و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «کێشەی دارایی، کێشەیەکی گشتییە لە هەرێمی کوردستان و ئێمەشی گرتۆتەوە». لە بارەی پەیداکردنی سپۆنسەریش بۆ یانەکە گوتی: «هەوڵمان داوە سپۆنسەر پەیدا بکەین، چونکە یانەکەمان قەرزێکی زۆری لەسەرە هی ئەم دوو ساڵەی دوایی، هەرچەندە ناکرێت پارە رێگربێت لە بەرامبەر بەرنامەکانمان بۆ پێشخستنی یارییەکە، بەڵام زۆریش کاریگەری هەبووە»، گوتیشی: «بەرنامەی داهاتووی ئێمە بەشداریکردن دەبێت لە پاڵەوانێتی یانەکانی رۆژئاوایی ئاسیا کە بڕیارە لە وڵاتی ئوردن لە مانگی ئابی داهاتوو بەڕێوەبچێت، یانەکەمان وەکو نوێنەری یانەکانی عێراق بەشدار دەبێت لەم پاڵەوانێتییە و داوەتنامەشمان بۆ هاتووە، لە وڵاتی بولگاریاش بەشدار دەبین لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو کە ئەمەش پەیوەست دەبێت بە باری دارایی یانەکەمان بۆ ئەوکات».

چیا حەمید یاریزانی یانەی خانزاد، لە سەرەتا قسەکانیدا بۆ گۆڤاری گوڵان باسی ئەوەی کرد کە لە ئێستادا ئاستی یاریی شەترەنج لە قۆناغی زێڕینە لە کوردستان و یانەی خانزاد و پەیمانگەی کازابلانکا خزمەتی زۆریان بە یاریی شەترەنج لە هەولێر کردووە، گوتیشی: «بەڕێوەبەرانی یانەکەمان گرنگیی باش بە یاریزانان دەدەن و لە زۆر پاڵەوانێتی بەشداریمان پێدەکەن، جگە لەوەش دابینکردنی راهێنەرانی بەتوانا بۆ یانەکەمان، رۆڵی بەرچاوی لە بەرزکردنەوەی ئاستی یارییەکە هەبووە. ئەوانەش هەمووی هۆکارە بۆ پێشکەوتنی ئاستی ئێمە، بۆیە داواکارین لەلایەنی بەرپرس بۆ بەردەوامبوون و کاری باشتر هاوکاریی ماددیی یانەکە بکەن».

راپۆرتی: کاروان کانەبی



## پیکنپاوەر: گواردیۆلا سەرمایەیەکی بەنرخی بایرەنە

ئەفسانەی پێشووی تۆپی پێی ئەڵمانیا و سەرۆکی فەخری یانەی بایرەن میونشنی ئەڵمانی فرانز پیکنپاوەر ئاماژەی بە رۆڵی بەڕێوەبەری هونەری تیپەکەی پیپ گواردیۆلای ئیسپانی کرد و رایگەیاند ئەو سەرمایەکی بە نرخی یانەکەی هەرێمی باڤاریە. هەروەها دووپاتیکردەوە گواردیۆلا پلان و بۆچوونەکانی زۆر بە سەرکەوتوویی دەگەیەنێت و لەنێو یاریگەدا پەیڕەوی دەکات. لە بەشێکی تری قسەکانیدا قەیسەری تۆپی پێی ئەڵمانیا جەختی لەوە کردەوە کە گواردیۆلا بایرەن میونشینی بە بیر و هزرەکانی دەوڵەمەند کردووە، بۆیە جێی ستایش و دەستخۆشییە کە توانیویەتی یاریزانی لاو پێ بگەیەنێت. هەروەها دووپاتیکردەوە لە ئەگەری رۆیشتنی گواردیۆلای ئیسپانی، ئەوا یۆرگن کلۆبی هاونیشتمانییەکەی باشترین شوێن گرەوەیە بۆ گواردیۆلا.




## قۆناغی پێش کۆت

### (یۆڤانتس * ریال مەدرید )

رۆژانی سێشەممە و چوارشەممەی داهاتوو یارییەکانی چوونی قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا چامپیۆنزلیگ بەڕێوەدەچێت، چاودێرانی وەرزشی لە ئەوروپا پێیانوایە هەرچواریانە (ریال مەدرید و بەرشلۆنە و بایرەن میونشن و یۆڤانتس) بەهێزترین یانەکانی ئەم وەرزەن و پێشبینی ئەوە دەکەن کە هەردوو یارییەکەی ئەم قۆناغە لە لوتکەی ئاستبەرزی و حەماسەتەوە بێت، خشتەی یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی بەم شێوەیە دەبێت :

- سێشەممە ٢٠١٥/٥/٥ کاتژمێر ٩,٤٥ی شەو بەکاتی کوردستان
  یۆڤانتسی ئیتالی * ریال مەدریدی ئیسپانی لە یاریگەی یۆڤانتس ئەرینا

دوای دوورکەوتنەوەی یانەکانی ئیتالیا لە یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی چامپیۆنزلیگ جارێکی دیکە یانەی خانمە پیرەکە وەك گەنجێك بەدیارکەوتەوە و گەیشتە ئەم قۆناغە، یۆڤانتس هەوڵ دەدات هەموو رێگەکان بەرامبەر کریستیانۆ رۆنالدۆ و هاوڕێکانی دابخات، ئەوەش ئەرکێکی زەحمەتە لەبەر ئەوەی ریال مەدرید و راهێنەرە ئیتالیەکەی ئەنشلۆتی شارەزاییەکی تەواوی لە شێوازی یاریکردنی یانەی یۆڤانتس هەیە. ریال مەدرید دەیەوێت ببێتە یەکەم یانە لەدوای ساڵی ١٩٨٩وە پارێزگاری لە نازناوەکە بکات.



# دانیال ئەلڤیس لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە بەردەوام دەبێت

رۆژنامەی کادینا کوبیەی ئیسپانی بڵاویکردۆتەوە یاریزانی بەرگریکاری باڵی راستی یانەی بەرشلۆنە دانی ئەلڤیسی بەرازیلی داهاتووی خۆی لەگەڵ بلوگرانا یەکلاکردەوە. ئەمەو بەپێی هەواڵی رۆژنامەکە ئالڤیسی تەمەن ٣٢ساڵ کە نێوی بەچەند یانەیەکی ئەوروپی گرێدرابوو لەماوەی رابردوو رەزامەندی نیشانداوە بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە درێژبکاتەوە. لەمبارەیەوە ماڵپەڕی توتو میرکاتۆ تایبەت بە هەواڵی گواستنەوەی یاریزانان ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ئەو ئەستێرەیەی سامبا رەزامەندی نیشانداوە لەسەر درێژکردنەوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە ئەمیش دوای چەندین هەفتە لە دان و ستاندن لە نێوان ناوبراو و دەستەی کارگێڕی یانەکە. پێویستە بوترێت گرێبەستی ئەلڤیس لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو بەکۆتا دێت.

یانەی بەرشلۆنە ناتوانێت تا رۆژی ٢٠١٦/١/١ بۆند لەگەڵ هیچ یاریزانێك مۆربکات، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەی ناوبراو بە هەموو توانای خۆی پارێزگاری لە یاریزانەکانی دەکات .

# ـــــــایی چامپیۆنزلیگ

## (بەرشلۆنە * بایرەن میونشن)

- چوارشەممە ٢٠١٥/٥/٦ کاتژمێر ٩,٤٥ی شەو بە کاتی کوردستان بەرشلۆنەی ئیسپانی * بایرەن میونشنی ئەڵمانی لەیاریگەی کامپ نو مێژوو جارێکی دیکە لەنێوان هەردوو یانە دووبارە دەبێتەوە کە پێش دوو وەرز لەگەڵ یەك یارییان کرد و بایرەن بە ئەنجامی هەردوو یاری بە حەوت گۆڵ یارییەکەی بردەوە. بۆیە ئەم یاریە دەرفەتە بۆ میسی و هاوڕێکانی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. ئەم یارییەش تایبەت دەبێت بۆ راهێنەر پیب گواردیۆلا کە بۆیەکەمجار وەك راهێنەر لە بەرامبەر تیپەکەی پێشووی خۆی سەردانی یاریگەی کامپ نو دەکات. پێشبینی دەکرێت یارییەکە زۆر بەهێز بێ، چونکە هەردوو یانە خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی لێهاتووی بەتوانان .
- لەلایەکی دیکەوە رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٥/٥/٧ یارییەکانی چوونی قۆناغی پێش کۆتایی یۆروپالیگ ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر ١٠,٠٥ی شەو بەکاتی کوردستان بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە :

نابۆلی ئیتالی * دینیپرۆی ئۆکرانی لە یاریگای سان پاولۆ
سیڤیلیای ئیسپانی * ڤیۆرەنتینای ئیتالی لە یاریگای رامۆن سانشێز پیزخوان



### ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان:

# پێوەرم بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانان ئاست بەرزیی تاکە

دوای ئەوەی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بە فەرمی ئەرسەلان جەلالی ڕاهێنەری یانەی نەورۆزی بە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان دیاری کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردەکە لە پاڵەوانێتی نۆروەی کەپ کە بڕیارە یارییەکانی لە مانگی ٧ی داهاتوو لە وڵاتی نەرویج بەڕێوەبچێت. یەکێتیی تۆپی پێی کوردستانیش بە فەرمی بە کۆی دەنگ ئەو بڕیارەیان داوە کەوا ئەرسەلان جەلال تیپەکە کۆبکاتەوە. لە بارەی دەستنیشانکردنیشی بۆ پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەکە، ئەرسەلان جەلال بۆ



گۆڤاری گوڵان گوتی: «من دەمەوێ لە ڕێگەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەم، ئەوکاتیش باشترین یاریزانەکان شارەکانی کوردستان دەستنیشان بکەم بۆ ئەوەی تیپێکی بەهێز دروست بکەین. وەکو ڕاهێنەر بۆ بەڕێوەبردنی تیپەکەش هەرچی بکرێت، ئەنجامی دەدەم، هەوڵی ئەوەش دەدەم باشترین پێکهاتە بۆ ئەم یارییانە دەستنیشان بکەم بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام بدەین بهێنین، دڵنیاش بن بە هیچ شێوەیەك نامەوێ لە دیاریکردنی یاریزانان مافی هیچ کەسێك بخۆرێت، من تەنیا ئاست دەخوێنمەوە و لای من هیچ شار و گەڕەکێك نابێتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانان و بەڵێن دەدەم کە بەهیچ شێوەیەك جیاوازی نەکەم لە دەستنیشانکردنی یاریزانانی شارەکانی کوردستان و هەمووی بەیەك چاو سەیر دەکەم، بۆ خزمەتکردنی هەڵبژاردەی کوردستانیش هەرچی لەتوانام بێت ئەنجامی دەدەم، هەر کاتێکیش کە کارێم پێ ڕاسپێردرا و پێم نەکرا، ئەو کات بە فەرمی ئاشکرای دەکەم، ئامانجی من خزمەتکردنی وەرزشی کوردستان دەبێت.

# کچان و کوڕانی هەولێر پاڵەوانی بەرز کردنەوەی قورسایی بوون

یەکێتیی بەرزکردنەوەی قورسایی لقی هەولێر، وەکو بەرنامەی ساڵانەی و بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی بەرزکردنەوەی قورسایی لە سنووری پارێزگای هەولێر بە هەر دوو ئاستی کوڕان و کچان و ئامادەکاری تیپەکان بۆ پاڵەوانێتیی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی عێراقی، لە هۆڵی (زەرد)ی شاری هەولێر بە بەشداریی هەریەك لە یانەکانی (هەولێر، پێشکەوتن، ئارارات) لە ئاستی کوڕان و (ئافرەتانی هەولێر، قەلا) لە ئاستی کچان پاڵەوانێتیی بەرزرکردنەوەی قورسایی یانەکانی شاری هەولێر بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوە بوو:

ئاستی کوڕان

١-هەولێر

٢-ئارارات

٣-پێشکەوتن

ئاستی کچان

١-ئافرەتانی هەولێر

٢-قەڵای تورکمانی

لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.






# یاریزانانی دهۆک ٣٠٪ی مافەکانیان وەرناگرن

دوای ئەوەی یانەی دهۆك وەكو تاكە یانەی نوێنەری هەرێمی كوردستان سەركەوت بۆ خولی بژاردەی یانەكانی عێراقی، بۆیە دەستەی كارگێڕیی یانەكەش بەڵێنەكەی خۆی دەباتە سەر بە دابینكردنی بڕی سەرجەم گرێبەستی یاریزانان كە هەموو یاریزانەكان تەنیا گرێبەستان هەیە و هیچ مووچەیەك لە یانەكە وەرناگرن. بۆیە سەرەڕای هەبوونی قەیرانی دارایی لە یانەی دهۆك بەڵام بە پشتیوانی پارێزگاری شارەكە یانەی دهۆك گرێبەستی یاریزانان دابین دەكات و یاریزانانیش ٣٠٪ی گرێبەستەكانیان دەهێننە خوارەوە بەهۆی ئەوەی كە یانەكە باری دارایی باش نییە. لەبارەی كەمكردنەوەی بڕی گرێبەستەكانیش محەمەد عەلی لە ڕاگەیاندنی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئێمە دوای ئەوەی سەركەوتین بۆ خولی بژاردەی عێراقی، بۆیە بە پێویستمان زانی مافی سەرجەم یاریزانان بدەین و دەستەی كارگێڕیش بڕیاری ئەوەی دابوو كە پارەكە دابین بكات، ئێستاش ئەو بڕە پارەی یاریزانانی دابین كردووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە كە بڵێین هیچ گرفتێكی داراییمان نییە، بەڵكو ئێستاش قەیرانی دارایی بەردەوامە، بەڵام ئێمە خاوەنی بڕیاری خۆمانین و دەستەی كارگێڕی یانەكە خاوەن قسەی خۆیان بوون و لەگەڵ جەنابی پارێزگار ئەو بڕە پارەیان دابین كردووە بۆ یاریزانانی شارەكەمان كە ئەوان خاوەنی وەفا بوون و ماوەیەكی زۆرە بێبەرامبەر یاری دەكەن. لەوەش باشترە ئەوان وەفایان هەیە لە بەرامبەر ئەم قەیرانە داراییەی كە لە یانەكەمان هەیە، بۆیە سەرجەم یاریزانان بڕیاریان داوە كەوا بڕی ٣٠٪ی گرێبەستەكانیان كەم بكەنەوە لەو گرێبەستانەی كە هەیانە، ئەوەش جێگەی دڵخۆشی بوو بۆ یانەی دهۆك كە هەمیشە پاڵپشتیی یانەكەی خۆیانن، ئێمەش چیمان لە توانا بێت بۆ خزمەتی یانەكە ئەنجامی دەدەین.

